
**پێشکەوتن ... التقدم**

**گۆڤار .. رۆژنامە**

1958




**گۆوارێکی هەفتەیی گشتی یە**

**مجلة اسبوعية عامة**

**رۆژنامەیەکی سیاسی گشتی یە**

**خاوەنی ئیمتیاز:** محەمەد بریفکانی.

**سەرنووسەر:** یونس الصباغ.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (22 ×31)سم ژمارە 1–19 (گۆڤار).

(35 ×30)سم. لە ژمارە 20–39.

(42 ×30)سم. لە ژمارە 40 بەدواوە

**چاپخانە:** الزهراء، دارالسلام، سوق التجارة.

**جێگا:** بەغدا.

**زمان:** عەرەبی و کوردی (کرمانجی خواروو).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژ 1، شوباتی 1958 (گۆڤار)
- ژ19 ، تەممووزی 1958 (گۆڤار).
- ژ 20، 9ی ئابی 1958 (رۆژنامە)
- ژ39، سالی یەك، 20کانوونی یەکەمی 1958.
- ژ 513، 18ی کانوونی یەکەمی 1960.


پێشکەوتن
التقدم

**تێبینی:**

**(جەبار جەباری) لە کتێبی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا نووسیویە:**

(لە پاشی شۆڕشی گەلاوێژی 1958ـەوە، بە ناوی گۆڤارەوە لە قەوارەی ڕۆژنامەدا دەرئەچوو) پاشان نووسیویە:

(بەو جۆرە هەتاکو ساڵی 1960 ژیاو ئیتر چووە ڕیزی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ترەوە).

(جەمال خەزنەدار)یش لە (ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی)دا نووسیویە:

(محەمەد تۆفیق وردی بەشداریی لە دەرکردنیدا کردووە).

(جەبار جەباری)ش لە کتێبی (تأريخ الصحافة الكردية في العراق)دا هەمان بۆچوونی هەبووە.

ئەمەشی زیادکردووە: (کە بۆ یەکجار لە 1963/2/8دا ڕاگیراوە).

هەرچی (عەلائەدین سجادی) یە، لە مێژووی ئەدەبی کوردی‌دا نووسیویە:

(لە وێنەی گۆڤارێکی نیومانگی کوردی عەرەبی دابووە، پاشان بووە بە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی عەرەبی لەژێر ناوی (التقدم)دا، جارجاریش ژمارەیەکی بە کوردی هەر دەرئەچوو، لە 1963/2/8دا داخرا).


(د. کەمال مەزهەر)یش لە کتێبی تێگەیشتنی ڕاستی‌دا نووسیویە:

(دوای شۆڕشی 14ی گەلاوێژی لە ژمارە 65یەوە بووە ڕۆژنامە، لەسەر دوا لاپەڕەی ژمارە 65ی نووسراوە-ڕۆژنامەیەکی کوردی حەفتانەیە ڕۆژانی دوو شەممە دەرئەچێت- بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو، شوباتی 1963داخرا - 42×29- سم).

**شەفەق.. بەیان**

**گۆڤار**

**1958**



گۆڤارێکی نیو مانگی ئەدەبی و عیلمی کۆمەڵایەتییە

بە زمانی کوردی و عەرەبی لە کەرکووك دەرئەچێ، جاری مانگی جارێك دەرئەچێ

(ژمارەکانی ساڵی یەك)

گۆڤارێکە تەرخان کراوە بۆ خزمەتی ئاشتی و ئەدەبی (ژمارەکانی 3-6 کە بە ناوی بەیان-شەفەق دەرئەچوو).

گۆڤارێکی خوێندەواری گشتییە

(ژ 7-11، ساڵی دوو)

**خاوەنی ئیمتیازو مدیری مەسئول:** عەبدولقادر بەرزنجی.

**سەرۆکی نووسین:** مارف خەزنەدار.

**بەڕێوەبەرو سەرەك نووسەری:** گۆران (ژ 3-6 کە ناوی بەیان بووە).

**مدیری مالیە:** عەلی باپیر.

**کارگێڕ:** غەفور رەشید داراغا، دواترحەمید عوسمان.

**نرخ:**

**پێوانە:** (5ر21×29)سم و (24-52)لاپەڕەیە (5ر14×21)سم.

**چاپخانە:** (شیمال، کەرکووک، شارەوانی- کەرکووک، اسعد،التمدن، سلمان الاعظمي- بەغدا، ژین/ سلێمانی

**جێگا:** کەرکووک، دواتر سلێمانی

**زمان:** عەرەبی و کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

**کەرکووک:**

- ژمارە (1)، ساڵی (1)، 15ی کانوونی دووەمی 1958.
- ژ 11-12، ساڵی (1)، 27 کانوونی یەکەمی 1958.
- ژ 1-2، ساڵی (2)، کانوونی دوو شوباتی 1959.

**سلێمانی:**

- ژ 3، ساڵی (2)، لە نیسانی 1959 بەیان- شەفەقدا بلاوکراوەتەوە.
- ژ6، ساڵی (2)، لە تەمووزی 1959دا بەناوی ( بەیان- شەفەق)دا بلاوکراوەتەوە.

**کەرکووک:**

- ژ 7-11 ساڵی (2)، تشرینی دووەمی 1959.
- ژ12، ساڵی (2)، کانوونی دووەم 1960.
- ژ 1، ساڵی(3)، لە 8ی مارت 1960.
- ژ 2، ساڵی (3)،لە 20 نیسانی 1960.

**سلێمانی:**

- ژ 1، ساڵی (4)، نیسانی 1961.
- ژ4، ساڵی (4)، 15 ئەیلوولی 1961.

**تێبینی:**

چەشنی (**کوردستان**)ی یەکەمین رۆژنامەی کوردی، هەرجارەی لە چاپخانەیەك و شارێك چاپ و بلاوکراوەتەوە.

* خاوەنەکەی لە ساڵی 1971دا، لەگەڵ کاکەی فەللاح، لە سلێمانی رۆژنامەی (**ژین**) یان دەرکردووە.

(**جەبار جەباری**) لە کتێبی (**مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی**)دا وا ئاماژەی بۆ کردووە کە (**نیومانگ جاری لە کەرکووك دەردەچوو**)، هەروەها نووسیویە :

(**ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە ناوی گۆڤارەکە لە ساڵی1959دا گۆڕاو کرا بە "بەیان"و بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ خزمەتی ئاشتیخوازان تەرخان کرا، وە لەماوەی کە لە کەرکووك دا کاری رۆژنامەگەری ئەکرد گەلی خزمەتی مەسەلەی ئەدەبی و کۆمەلایەتی و رامیاری و مێژیویی کردووە، دەستەیەکی هەڵبژاردە لە نووسەرو بوێژان بەشداری نووسینەوەیان کردووە لەوانە عوسمان خۆشناو سەمەد خانەقاو چەند کەسێکی تریش**).

(**جەمال خەزنەدار**)یش نووسیویە:

(**بەردەوام بووە هەتا ساڵی1962، دەستەیێك لە مامۆستایان ئیبراهم ئەحمەدو مارف بەرزنجەیی و عەبدولسەمەدخانەقاو مارف خەزنەدارو عومەر عارف و جەمال خەزنەدار بەرێوەیان دەبرد، وەلەساڵی1959لە ژێر چاودێری محمدی مەلا کریم و حەمیدعوسمان و گۆران چاپ کراوە، لە پاشان ئیدارەی گواستراوەتەوە سلێمانی و ناوی بووە بە بەیان**)

(**عەلائەدین سجادی**)ش نووسیویە:

(**ناوبەناو تا ساڵی 1963 دەرچووەو پاشان پەکی کەوتووەو ئەم شەفەقە لە نیوەی دووەمی ساڵی1959 بوو بە-بەیان-و چووە سلێمانی لە**

**چاپخانەی-ژین- سێ ژمارەی لێ دەرچوو. زمانی ئاشتیخوازنی عێراق و سەرنووسەرەکەی -گۆران- بوو، لە ساڵی1960دا گەرایەوە بۆ کەرکووک، ڕێك و پێك نەبوو).**

(**د.کەمال مەزهەر**)یش نووسیویە:

**(لە سەرەتای ساڵی1959دا گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و ناوی بووە-بەیان-و مامۆستا گۆران سەرپەرشتی دەکرد. بووە ئۆرگانی ئاشتیخوازان، پاش ماوەیەك گەرایەوە کەرکووك و ناوەکەی جارانی وەرگرتەوە و، سەرەتای ساڵی1963داخرا).**

(**حەمەساڵح فەرهادی**)ش لە کتێبی **چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی**دا نووسیویە:


**(لە ساڵی 1961 گوێزراوەتەوە سلێمانی).**

پێمان وایە ئەو زانیاریانەی ئێمە لە سەرەوە نووسیومانە لە هەمووان ڕاستترە، چونکە دوای بینینی هەموو ژمارەکان و لێکۆڵینەوەیەکی قول نووسراونەتەوە، جگە لەمە هەموو ئەوانەی ووتویانە ناوەکەی کراوەتە(**بەیان**) سەرچیخ چووینە، ئەو ناوەی (**بەیان**) تەنیا تەرجەمەی ناوی (**شەفەق**) بووە.

**الجمهورية**

**بڵاوکراوە**

1958



**نشرة مدرسية ثقافية تصدرها جمعية التأريخ**

**خاوەنی:** دوا ناوەندی سلێمانی کچان

**سەرپەرشتیار:** نەسرین مەزهەر ئەحمەدو مەلیحە صالح.

**سکرتێر:** نەسرین صابر

**چاپخانە:** ژین

**جێگا:** سلێمانی

**زمان:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

ژمارە 1، سەرەتای ساڵی 1958.

**الغد**

**بڵاوکراوە**

1958

**خاوەن:** ئامادەیی دهۆك

**زمان:** عەرەبی.

**جێگا**: دهۆك.

**ژمارەکان:**


ژمارە 1، زستانی 1958.

ژمارە 2، بەهاری 1958.

**کوردستان**

**گۆڤار**

1958




زمانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

**خاوەنی:** کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

**نووسەران:** عومەرسەعدوللاو عومەرقازی و عیسمەت شەریف وانلی و کەمال فوئاد و زاهیرحوسێن

**چۆنیەتی دەرچوون:** ناو بەناو.

**پێوانە:**(20×26)سم.

**چاپخانە:** رۆنیۆ، دواترچاپ.

**جێگا:** ساندرلاند، پۆرتسمۆث، لەندەن.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باکوور و باشوور**)، عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی.

**رێنووس:** عەرەبی و لاتینی.

**ژمارەکان:** تەنیا(16) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

- ژمارە(1)ی ساڵی یەکەم، لە مارتی 1958دا دەرچووە، (**27 لاپەرە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی**)، (**11لاپەرەی بە زمانی ئینگلیزی**) بووە.

- ژمارە 13، 1969، (هەموو بابەتەکانی ئینگلیزییە).

- ژمارە16، کانونی دووەمی 1972.

**تێبینی:**

هەندێ لە ژمارەکانی، هەموو ناوەرۆکەکەی بەزمانی عەرەبی بووە، ژمارەی دیکەشی تەنیا بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە.

گۆڤارەکە بایەخی بە هەموو بەشەکانی کوردستان داوە. زۆر بەڵگەنامەو بابەتی دیکەی ئەدەبی و مێژوویی بڵاوکردۆتەوە.

زانای بەناوبانگ(**تۆفیق وەهبی**)یش کۆمەڵێك ووتاری مێژییویی تێدا بڵاوکردۆتەوە. ئەوە جگە لە چالاکییەکانی کۆمەڵە، کە هەرجارەی چەند لاپەرەیەکی گۆڤارەکەی گرتۆتەوە.

* ووتارەکانی گۆڤارەکە، بەهەر زمانێك بووبێ، هەمووی پێوەندی بە کوردەوە هەبووە.

* (**جەمال خەزنەدار**) نووسیویە:

(**سکرتێری نووسینی سەلاحەدین سەعدوللا بووە**).

(**د.کەمال مەزهەر**)یش نووسیویە:

(**ناوبەناو بەچەند زمانێك، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بڵاوی دەکردەوە، ژمارە2-3ی لە پۆرتسمۆپ و ژمارە4ی بەزمانی عەرەبی بە بۆنەی بەستنی "کۆنگرەی خویندکارانی عەرەب"ەوە لە ئەوروپا بڵاوکردۆتەوە. هەر لەو ژمارەیەدا نامەیەکی سەرۆك عەبدولناسر بڵاوکراوەتەوە کە بۆ دارا**

تۆفیقی ناردوه، عومەر رەمزی مەلا مارف و سەلاح سەعدوللاو فوئادسالحی رەشە و زاهیر حەسەین و کەمال فوئاد دەوری چالاکیان لە دەرکرنیدا بینیوە، گۆڤارێکی پڕ لە بەڵگەو دەوڵەمەندە).

(**حەمەسالح فەرهادی**)یش نووسیویە:

(ژمارە 1ی لە مانگی ئاداری ساڵی1958 دەرچووەو ئەم ژمارەیە بەزمانی ئینگلیزی بووە).

**سەیوان**

**گۆڤار**

1958

لەلایەن قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەی مەڵکەندی سەرەتایی کوڕان دەردەچێ.

**خاوەنی:** قوتابخانەی سەرەتایی مەڵکەندی کوران.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

رێنووس:عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ژمارە (1)ی لە بەهاری 1958دا دەرچووە.

**تێبینی:** خۆمان ئەم گۆڤارەمان نەدیوە، بەڵام ژمارە(3)ی گۆڤاری (**شەفەق**)ی مارتی1958 لە بارەیەوە نوسیویە:

(**گۆڤاری سەیوان، کە بە رۆنیۆی ووشك چاپ کراوە، لە لایەن قوتابخانەی مەلکەندی لە سلێمانی بە سێ زمان -کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی- دەرچووە، سوپاسی مودیریەتی قوتابخانەی ناوبراو ئەکەین، هیوامان وایە رۆژنامەچییێتی لە ناو کۆمەڵی جیگەرگۆشەکانمان پێش بکەوێ**).

دوابەدوای ئەم هەواڵە، یەکێك بە ناوی عوسمان سەعید، لە سلێمانیەوە پرسیارێکی لە رۆژنامەی (**ژین**)ی ژمارە1388ی رێکەوتی پێنج شەممەی 3\4\1958 کردووە، دەڵێ:

(**شەفەق، نووسیویەتی گۆڤاری سەیوان لە قوتابخانەی مەلکەندی بە (3) زمان دەرچووە، ئایا ئەمە یەکەمجارە یا دایمیە؟**).

رۆژنامەکەش وەڵامەکەی ئەمە بووە:

(**قوتابخانەی مەلکەندی گۆڤارێکی دەرکردووە بە ناوی"سەیوان" بەکوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، نووسەرەکانی قوتابیان ومامۆستایانی ئەو قوتابخانەیەن، بەڵام بە- باندا- چاپ کراوە، ژمارەکەم بووە، هەر بەشی قوتابخانەکانی ئێرەی کردووەو بۆ هەر شارەی ژمارەیەکیش نێردراوە، بەڵام وامان زانیوە کە ساڵێکی تر زۆرتر چاپ ئەکەن، بۆ ئەوەی هەموو خوێندەوارێك ببیینێ، وەجارێ ئەم گۆڤارە ساڵی جارێك دەردەچێ**).

**رزگاری**

**گۆڤار**

1959



**خاوەنی ئیمتیاز:** ساڵح حەیدەری.
**ســـەرەك نووســـینی لێپرســـیاری:** پـــارێزەر فوئادجەلال.
**هەڵسورێنەر:** جەلال تەڵەبانی.
**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.
**وێنە:** هەیە.
**جێگا:** بەغداد.
**زمان:** كوردی (**كرمانجی خواروو**).
**رێنووس:** عەرەبی.
**ژمارەكان:** 3 ژمارەی لە دوومانگدا لیَ دەرچووە.
- ژمارە 1، 10شوباتی1959.
- ژمارە2-3، لە بەرگێكدا، نیسانی1959.

**تێبینی:**

(**جەبارجەباری**) لە **تاریخ الصحافة الكردیة فی العراق** دا نوسیویە:

**"ژمارە1 ی لە10ی شوباتدا دەرچووە. لە ژمارە دوویـــەوە ئیمتیازەكـــەی بـــە نـــاوی پـــارێزەر عومەرمـــستەفا كـــرا. دوای ژمـــارە 2 هـــیچ ژمارەیەكی دیكەی لیَ دەرنەچووە"**.

(**جەمال خەزنەدار**)یش نووسیویە:

**(تـەنیا دوو ژمـارەی لـیَ دەرچـووە. لـە ژمـارە دوویەوە عومەر مستەفا بووە خاوەنی)**.

(**عەلادین سجادی**)ش نوسیویە:

**(لە ژمارەی پارتی دیموكرتی كوردستان بووە، تـەنها دووژمـارەی لـیَ دەرچـووە. ئـەویش هـەر لەوساڵەدا پەكی كەوت)** .

(**حەمە ساڵح فەرهادی**)ش نوسیویە:

**"لــە6ی كــانوونی یەكــەمی1958 ئیمتیــازی دراوەتیَ.**

**مێژیوی دەرچـوونی** : ژمـارە(یـەك)ی لـە مـانگی نیسانی ساڵی1959دەرچووە.
تەنها دووژمارەی لیَ بڵاوكراوەتەوە.

**مێـــژووی داخـــستنی** : لـــە3ی نیـــسانی ساڵی1960داخراوە".

(**وریاجاف**)یش دەڵیَ :

**"پـارتی دیمـوكراتی كوردستان بـە ئاشكرا لـە بەغدا بڵاوی دەكردەوە، تـەنهادوو ژمـارەی لـیَ دەرچـــووە. ســـاڵح حەیـــدەری سەرنووســـەری بووە.ژمارەی یەكەمی لە مانگی نیسانی ساڵی 1959 بڵاوكراوەتەوە"**.

هەرچی ئێمەین پێمان وایە ئەو زانیاریانەی لێرەدا نووسیومانەتەوە لـە هـەمووان راسـتترە، بـەلاّم عەبـدوللاّ زەنگەنـە لـە لێكۆڵینەوەیـەكی خۆیدا بە ناونیشانی **دادگایی كردنی خەبات،** كەلـــە ژمارەكـــانی(4.3.2 )ی رۆژنامەڤانیـــدا بڵاوكراوەتەوە، نووسیویە:

**"هەرچـەندە داواكـراوە كـە ئیمتیازەكـەی ئـەم گۆڤـارە بدرێتـە پـارێزەر عومەرمـستەفا، بـەلاّم ماوەی پیَ نەدراوە، بۆیـە ئیمتیازەكەی هـەر بـە نـاوی سـاڵح حەیـدەری ماوەتـەوە، كەواتـە ژمارە(2-3)یش هەر ئەو دەری كردووە"**.

**برایەتی**

رۆژنامە

1959

زانیارییـــە ســـەرەتاییەكان وا ئامـــاژەی بـــۆ دەكـــەن, بڵاوكراوەیـــەكی (**پـــارتی دیمـــوكراتی كوردســـــتان**) بووبێـــــت, خەســـــرۆ تۆفیـــــق سەرپەرشتی كردبێت, زاهیدە ئیبراهیم-یش لە كتێبەكەیـــدا وای ئامـــاژە بـــۆ كـــردووە, كـــە ژمارەكـانی لـە كتێبخانـەی (**وەزارەتـی الاعـلام**) هـەبووبێت, هەرچـی بڵاوكـراوە كوردییەكانـە, وایـان ئامـاژە بـۆ كـردووە, كـە لـەم زووانـەدا دەردەچێت. لەوانە ئیمتیـازی وەرگیرابیَ و هـیچ ژمارەیەكی دەرنەچووبیَ.

## چارەسەرکردنی کشتوکاڵ

(الاصلاح زراعی)

(ئیسلاحی زراعی)

**1959**

گۆڤارێکی کشتوکاڵی مانگانەیە، وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ دەری دەکرد.

**خاوەنی:** وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ.

**بەرپرسی بەشی کوردی:** محەمەدی مەلا کەریم.

**جێگا:** بەغدا.

**زمان:** عەرەبی، کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ژمارەکان:** 21 ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە(1)ی ساڵی1، لە 1959دا دەرچووە.

-ژمارە 9ی ساڵی2، واتە ژمارە21ی، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی1962دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

وادیارە ساڵی یەکەم 12ژمارەی لێ دەرچووە. ساڵی دووەمیش 9 ژمارە.

(**جەبارجەباری**) لە کتێبەکەی **مێژیوی ڕۆژنامەگەری کوردی** دا نووسیویە:

**"زۆربەی نووسراوەکانی لە بارەی کشتوکاڵەوەیە ئەویش بە باسی زانیاری بە کەڵك، دواژمارەی کە-12-بووە لە تشرینی دووەمی ساڵی 1962 بڵاوکراوەتەوە، محمدی مەلاکەریم سەرپەرشتی بەشە کوردیەکەی دەکرد".**

(**وریاجاف**)یش گوتویە:

**"ژمارەی یەکەمی لە ساڵی1959 بڵاوکراوەتەوە. محەمەدی مەلا کریم سەرپەرشتی کوردیەکەی بوو، بەردەوام بوو لە بڵاوکردنەوە تا مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1962، بەشە کوردێکەی(12) ژمارەی لێ دەرچووە. دوا ژمارەی لە تشرینی دووەمی 1962دا بووە. تێکرا(21) ژمارەی لێ دەرکراوە".**

(**د.کەمال مەزهەر**)یش لە کتێبی **تێگەیشتنی راستی** دا نووسیویە:

**"وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لە ساڵی1959وە دەری دەکرد، بەشێکی بەکوردی بوو، لە ژمارەی دووەوە ناوی بەشی کوردیەکەی بووە (ئیسلاحی زەراعی)، تا وەستانی(تەشرینی دووەمی 1962) تەنها 21 ژمارەی لێ دەرچووە، محەمەدی مەلاکەریم سەرپەرشتی بەشی کوردیەکەی دەکرد.)**

(**حەمە ساڵح فرهادی**"یش لەبارەیەوە، نووسیویە.

**"ژمارە(یەك)ی کوردیەکەی لە تەموزی ساڵی 1960 دەرچووە.**

**ئەرازاندرایەوە لەگەڵ وێنەی بەکەڵك، لەسەر ئەوانەشەوە جارجارێکیش پارچە هەڵبەست و نووسینەوەی کۆمەڵایەتی و رامیاری تێدا بڵاودەکرایەوە، لەگەڵ چیرۆك و هۆنراوەشدا، ئەم گۆڤارە هەتاکو ساڵی 1962 ژیا ئیتر وون بوو".**

(**جەمال خەزەدار**)یش لەبارەیەوە نووسیویە:

**(ژمارە یەکی لە ساڵی 1959دا بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی یەکەمی(12)ژمارەی لێ دەرچووە، ئیتر هەتا کپ بوونی بەشە کوردیەکەی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1962دا(9) ژمارەی لێ دەرچووە، محەمەدی مەلا کەریم بەشی کوردی دەردەکردو بەرێوەی دەبرد).**

(**عەلائەدین سجادی**)یش لەبارەیەوە نووسیویە:

**(یەکەم ژمارەی لە تەمووزی ساڵی 1960دا دەرچووە).**

**نەورۆز**

**گۆڤار**

1959



**گۆڤارێکی ئەدەبی و زانیاری و کۆمەڵایەتی کوردی- ژ(1)**

**گۆڤارێکی سیاسی و ئەدەبی و زانیاری و کۆمەڵایەتی کوردییە -ژ (3)**

**خاوەنی لێپسراوی:** کەمال میرزا کەریم.

**دەستەی نووسەران:** کامەران، مستەفا قەرەداخی، ئەمین میرزا کەریم.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**وێنە:** چەند وێنەیەك هەیە.

**پێوانە:** (16 ×23) سم و (100-124) لاپەرەیە.

**نرخ:** 120 فلس.

**چاپخانە:** کامەران.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە(1)، ساڵی(1)، لە نەورۆزی 1959.
- ژمارە(2)، ساڵی(2)، بانەمەڕی 1959.
- ژمارە(3)، جۆزەردانی1959.

(وەکو دەیبینن مانگە کوردییەکان لە سەر رووی گۆڤارەکە نووسراون).

**تێبینی:**

(**عەلائەدین سجادی**) لەبارەیەوە نووسیوویە:

**"ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی حەفتەیی بووە، خاوەنەکەی کەمال میرزا کەریم و یەکەم ژمارەی لە مایسی 1959دا لە سلێمانی لە چاپخانەی(ژین) دەرچووە، لام وایە هەردوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە".**

(**جەمال خەزنەدار**)یش پێی وابووە تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە یەکی لە نیسانی ساڵی1959دا، ژمارەی سێی کە دوا ژمارەی بووە، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی1959دا دەرچووە.

(**جەبارجەبار**)یش لە کتێبەکەی **تأريخ الصحافة الكردية في العراق** دا لە بارەیەوە نووسیویە:

**"ژمارەیەکی لەمانگی مارتی 1959دا دەرچووە، بەرایی 3 ژمارەی بە قەدەر گۆڤاری ئاسایی لێ بڵاوکرایەوە، دواتر شێوەی ڕۆژنامەیەکی ئاسایی وەرگرت".**

(**د.کەمال مەزهەر**)یش لە بارەیەوە نووسیویە:

**"ژمارەیەکی: نیسانی 1959، سێ مانگ لە سەریەك دەرچووە ئیتر وەستا".**

(**حەمەساڵح فەرهادی**)یش بە گۆڤاری (**نەورۆز- مەشخەڵی نەورۆز**) ناوی تۆمار کردووە و لە بارەیەوە نووسیویە:

(**ژمارە یەکی نیسانی ساڵی 1959دەرچووە**)، دوای ئەوەی گوتویە:

**"دوا ژمارەی لە حوزەیرانی هەمان ساڵ دەرچووە"**، ئینجا نوسیویەتی:

**"پاشان کراوەتە ڕۆژنامەو بەناوی- مەشخەڵی نەورۆز- هەتاکو ساڵی1960بەردەوام بووە".**

* ئەوەی شایانی باسە سەروتاری ژمارە(3)ی گۆڤارەکە لە ژێر ناونیشانی (**گۆڤاری نەورۆز**

**بووبـە سیاسـی)**و لـە ویـدا بـۆ خوێنـەرانی نووسیوە:

**"وەزارەتی ئیرشاد بڕیاریدا کە گۆڤاری"نەورۆز" ببێتە گۆڤارێکی سیاسی و لە مانگێکدا دووجار دەربچێت- بەڵام ئێستا لەبەر تەنگو چەڵەمەی چاپخانە مانگی جارێ دەرئەچێ"**.

* لەم بارەیەوە، لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، لەژێر ناوی- مەشخەڵی نەورۆز-دا، زانیاری دیکە دەخوێننەوە.

**مەشخەڵی نەورۆز .. نەورۆز**

رۆژنامە

1959


نەورۆز

رۆژنامەیەکی سیاسی و ئەدەبی و زانیاری و کۆمەڵایەتی کوردی یە

**خاوەن و لێپرسراو:** کەمال میرزا کەریم.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە.

**نرخ:** 18فلس.

**پێوانە:** (34×49) سم ، (4-8) لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** کامەران/سلێمانی.

**جێگا:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:** تەنیا (19) ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە(1)، پێنج شەممەی رێکەوتی 25ی حوزەیرانی 1959.
- ژمارە17،16ی مارتی 1960.
- ژمارە(19)،(؟) مایسی 1960.

**تێبینی:**

(**جەبارجەباری**) لە ژێر ناونیشانی:(**رۆژنامەی نەورۆز**)دا لە بارەیەوە نووسیویە:

**(لە ژمارە 7ی رۆژنامەکەوە بەشێك بۆ عەرەبی تەرخان کرا، هەتا دواتەمەنی ژیانی لە مانگی مایسی1960 زیاتر لە 19 ژمارەی دەرکرد).**

پاشان نووسیوویە:

**"ئەم رۆژنامەیەش لە سەردەمی عەبدلکەریم قاسم پەکی کەوت و لە جموجۆل وەستا"**.

* ئێمەش دەڵێین ئەو رۆژنامەی(نەورۆز) یان (مەشخەڵی نەورۆز)ە لە شوێنی گۆڤارەکەی نەورۆز دەرنەچووە. بەڵکو وەکو پاشکۆی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە.

* لە راستیدا گۆڤارەکە ئیمتیازی هەڵنەوەشاتەوە. وەکو هەندێ سەرچاوە ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵکو ناوەکەی بۆتە ئەو (**بڕوا**)یەی کە دواتر باسی دەکەین.

* رۆژنامەکە بەناوی(**مەشخەڵی نەورۆز**) نەبووە، وەکو هەندێ سەرچاوە وا ئاماژەیان بۆی کردووە، بەڵکو تەنیا ژمارە 12ی رۆژی شەممەی رێکەوتی 3ی تشرینی یەکەم1959دا بەم ناوە بڵاوکراوەتەوە، (14) لاپەڕەبووە. بەزمانی عەرەبی بووە، نرخەکەی14فلس بوو.

وادیارە ئەو ژمارەیەش بە بۆنەی بریندارکردنی عەبدولکەریم قاسمەوە دەرچووە.

- ژمارەیەکی دیکەش، هەربەزمانی عەرەبی دەرچووە، بەڵام ڕۆژی دەرچوونی بەسەرەوە نەبووە، بەپێی ڕووداوەکان ژمارە(14) بووە.

**صوت الطلبة...دەنگی قوتابیان**

**اوکرنجی سەسی**

**ڕۆژنامە**

1959




**جريدة اسبوعية طلابية**

**لسان اتحاد الطلبة العام–فرع كركوك**

**تصدر باللغات العربية والكُردية والتركمانية**

**خاوەن:** یەکێتی گشتی قوتابیانی عیراق

**جێگا:** کەرکوك

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە.

**پێوانە:**

**چاپخانە:** الشمال

**نرخ:** 16 فلس

**زمان:** کوردی، عەرەبی، تورکمانی

**ژمارەکان:**

–ژمارە یەك، ساڵی یەکەم،13 ئابی 1959.

–ژمارە دوو، ساڵی یەکەم، 20ئابی 1959.

**نیشتمان.. الوطن**

**گۆڤار**

1959




**گۆڤارێکی وێژەیی زانیاری و کۆمەڵایەتیە لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستایانی کوران دەردەچێت لە سلێمانی**

**مجلة ادبية ثقافية اجتماعية تصدر عن دارالمعلمين الابتدائية بالسليمانية**

**خاوەن:** خانەی مامۆستایانی سەرەتایی.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (17×23.5) سم و72 لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** کامەران.

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا(1) ژمارەی لیٚ دەرچووە.

ژمارە(1)، ساڵی(1) لە نەورۆزی 1959.

**<u>تێبینی :</u>**

(**جەبارجەباری**) لە بارەیەوە نووسیویە:

(**یەکەم ژمارەی لە مانگی نەورۆز(مارت)ی 1959دەرچووە، لەو تاکە ژمارە بە دواوە ئیتر چاومان بە هیچ ژمارەیەکی تری نەکەوت، ئەم گۆڤارە بەرێك و پێکی رازاندرا بۆوە.**

**هەروەها بە وتاری هەمەچەشنە بە کەڵك، چەند خامەیەکی تازە پێگەیشتوو بەشداری نووسینەوەیان کردبوو**).

(جەمال خەزنەدار)یش نووسیویە:

(**بە سەرپەرشتی مامۆستایان محەمەد سلێمان ئیبراهیم و عەبدوڵلا زێباری و ئیبراهیم محەمەد، وەهاوکاری قوتابیان محەمەد مەجید، فایق محەمەد عەبدوڵلا، زاهیدە قەرەداخی، سەلاح یوسف- دەرچووە**).

(**د.کەمال مەزهەر**)یش نووسیوویە:

(**دەستەیەك مامۆستاو قوتابی-دار المعلمین-ی سلێمانی دەریان دەکرد**)

(**حەمەساڵح فەرهادی**)یش هەموو ئەو ناوانەی جەمال خەزنەدار ژماردوونی، بەدەستەی نووسەرانی داناون.

- ئەو ژمارەیە لە کتێبخانەی هەریەك لە (**رەفیق ساڵح و عەبدوڵلا زەنگەنە**)دا هەیە.

**خەبات ...النضال**

رۆژنامە

1959




رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرۆکی نووسین:** ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر.

**چۆنیەتی دەرچوون:** ماوەیەك پچرپچر، دواتر، رۆژانە.

**پێوانە:** (×)سم و(4×16) لاپەرە، ( )سم و (4-8)لاپەرە (×)سم و (4-6) لاپەرە.

**چاپخانە:** (نجاح، بغداد، التمدن، الرای العام، صلاح الدین).

**جێگا:** بەغداد.

**زمان:** عەرەبی، کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** 462 ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە بە ئاشکرا.

ژمارە 1، ساڵی1، شەممەی 4ی نیسانی/1959.

ژمارە 462، 28ی مارتی1961.

**تێبینی** :

(**جەبارجەباری**) لە کتێبی **مێژووی رۆژنامەگەری کوردی** دا لە بارەیەوە نووسیویە:

(**رۆژنامەیەکی رامیاری رۆژانەیە**).

**خاوەن و سەرك نووسەری:** ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە بەزمانی کوردی و عەرەبی لە بەغدا دەری دەکرد،(**یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە رۆژی**

7ی نیسانی 1959 بەشێوەیەکی فراوان بڵاوکرایەوە).

پاشان نووسیویە:

(لە ساڵی1960 خاوەنی رۆژنامەکە پارێزەر- ئیبراهیم ئەحمەد- درا بە ئەنجومەنی عورفی لە سەر ووتارێك کە پەیوەندی بە مادەی (3)ی دەستوری کاتی عێراقەوە بوو، وەلە ئەنجامی مەحکەمەکردنیا لە رۆژی 1960/12/11بریاردرا کە رۆژنامەی خەبات لەو ووتارە کە لە سەری درا بووە دادگا تاوانبار نییەو بیروڕاکەی دروستەو لە چاوگەیەکی خاوێنەوە هەڵقولاوە.

دوای تێکۆشانێکی دوو ساڵی نزیکەی(442) ژمارەی بەرێك و پێکی وە بەئاشکرا دەرچوو. وە لە نیوەی یەکەمی ساڵی1961دا بە یەکجاری داخراو چاپخانەکەشیی (چاپخانەی صلاح دین) لە لایەن میریەوە، دەستی بەسەردا گیراو زەوت کرا).

(جەمال خەزنەدار)یش پێی وایە:

(خاوەنی ئیمتیاز و سەرك نووسینی پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد بووە).

(عەلائەدین سجادی)یش لە بارەیە وە نووسیویە:

(رۆژنامەیەکی پیلانی رۆژانە بوو، لە بەغدا لە چاپخانەی -النجاح- یەکەم ژمارەی لە(1959/4/4)دا دەرچووە. خاوەن و سەرنووسەری ئیبراهیم ئەحمەد بووە، دواژمارەی لە رۆژی 1961/3/28دا دەرچووە، تێکرای 462 ژمارەی دەرچووە، ئەوەندە هەبووە لە ژمارە14 بەم لاوە بەزمانی عەرەبی دەرچووە لە پاڵ وشەی -خەبات-دا وشەی-النضال- نووسراوە).

(د.کەمال مەزهەر)یش نووسیویە:

(ئۆرگانی ئاشکرای- پارتی دیموکراتی کوردستان- بوو، سەرەتا چەند ژمارەیەکی کەمی بە کوردی و عەرەبی دەرچوو، دوایی هەمووی بووە عەرەبی بێ ئەوەی ناوی بگۆڕێ- تا داخستنی (28مارتی1961)462 ژمارەی لێ دەرچوو، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی زۆر رووی مێژووی کورد).

(حەمە سالح فەرهادی)یش نووسیویە:

"بەزمانی کوردی و عەربی بڵاوکراوەتەوە.

زمانی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

مێژووی ماوەپێدانی: لە 1959/1/11ماوەی دەرچوونی دراوەتێ،

مێژووی داخستنی: لە 1961/10/28 بە رەسمی داخراوە".

(وریا جاف)یش لە کتێبی (مێژوی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان)دا نووسیویە:

(ئۆرگانی رەسمی پارتی بوو، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد بوو) ئینجا نووسیویە:

( لە سەرەتادا 14 ژمارەی بەزمانی کوردی لێ بڵاوکراوەتەوە ئینجا بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە).

<u>**تێبینی :**</u>

سەرباری ئەو زانیارانەی لەسەرەوە نووسیومانە، بە پاڵپشتی بابەتی(**دادگایی کردنی خەبات**) کە لە ژمارە (2،3،4)ی (**رۆژنامەڤانی**)دا بڵاوکراوەتەوە دەکرێ بنووسین:

1. بەر لەدەرچوونی ئەم رۆژنامەیە لە 1959/4/4(**پارتی دیموکراتی کوردستان**) رۆژنامەیەکی دیکەی بە ناوی(**خەبات**) دەرنەکردوە. واتە ناوی(**رزگاری**) یەکسەر نەبۆتە (**خەبات**) بەڵکو(**خەباتی کوردستان**) بووە.

2. سەرەتا پارتی دیموکراتی کوردستان بە رەسمی هیچ پەیوەندییەکی بەم رۆژنامەیەوە نەبووە، بەڵکو ئیمتیازەکەی بە ناوی ئیبراهیم ئەحمەد بووەو هەر خۆیشی سەرنووسەری بووە.

3. دوای ئەوەی پارتی بە رەسمی مۆڵەتی کارکردنی پێ دراوە، ئینجا ئیمتیازی رۆژنامەکە خراوەتەوە سەرناوی خۆی، (**ئیبراهم ئەحمەد**)یش سەرنووسەرییەکەی لە ئەستۆ بووە.

4. (**خەبات**) لەسەر ئەو وتارە دراوەتە دادگا کە لەبارەی مادەی(2)ی دەستور نووسرابوو، کە دەڵێ(**العراق جزء من الامة العربية**)، نەك لەسەر مادەی سێیەم کە عەرەب و کوردی لە عێراق بەهاوبەشی داناوە.

5.(**خەبات**) سەرەتا(5) ژمارەی بەزمانی کوردی لێ دەرچووە و دواتر(2) ژمارەی بەعەرەبی و(2)ی دیکەی بە کوردی و جارێکی دیکە بەزمانی عەرەبی و پاشان یەك لەدوای یەك رۆژانە(10) ژمارەی بە کوردی دەرچووە، هەر بەم شێوەیە تا ژمارە(112) پێداچووە، وەکو عەبدوللازنگەنە حیسابی کردووە (42) ژمارەی بە زمانی کوردی لێ دەرچووە، نەك وەك ئەوەی هەندێ لە نووسەران و تەنانەت ئەو(**مام سەفەر**)ەش، کە کاتی خۆی لە چاپخانەی رۆژنامەکە کاری کردووە، گوتوویە(14) ژمارەی بەزمانی کوردی لێ دەرچووە، دیارە ئەو زانیارانەی دیکە هەمووی هەڵەی زەقن.

6. لە شۆرشی ئەیلول دا جارێکی دیکە رۆژنامەی(خەبات) بە ژمارە(465)ی لە نیسانی 1962 دەست بە بڵاوکردنەوەی کراوەتەوە، لێرەدا عەبدوللا زەنگەنە پێی وایە یان کاتی خۆی دواژمارەی ئاشکرای(خەبات)464بووە، یان ئەوەتا هەڵەیەکی دیکە لە زنجیرەبەندی رۆژنامەکە کراوە، ئەم جۆرە هەڵەیەش زۆر لە رۆژنامەنوسیی کوردیدا دووبارە بۆتەوە.

7. لە دوای دوو بەرەکییەکەی ساڵی 1964دا، **پارتی** بە سەرۆکایەتی مەلامستەفاو ئەوانەش کە بەناوی مەکتەبی سیاسی لێی جیا ببوونەوە، هەرلایە رۆژنامەیەکی بەناوی **خەبات** وەك ئۆرگانی خۆی بڵاودەکردەوە، بۆ نموونە ژمارە(474)ی کە بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا بووە لە 1964دا بڵاوکراوەتەوە،هەرچی لایەنەکەی دیکەیە ژمارە(474)ی لە 1966دا بڵاوکراوەتەوە.

هەر بەم شێوەیە رۆژنامەکە(10) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

8. دوا ژمارەی (**خەبات**) لە سەردەمی شۆرشی ئەیلول دا(527) بووە، کە لە شوباتی 1975دا بڵاوکراوەتەوە.

9. دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول جارێکی دیکە (**خەبات**) بە ژمارە 526 لە 1976/7/1 دەست بە بڵاوکردنەوەی کراوەتەوە، کەچی ژمارە(527) لە 1976/8/16دا دەرچووە، کەواتە جارێکی دیکەش هەڵەیەك لە زنجیرەبەندی رۆژنامەکە کراوە.

10. ئەو کاتەی(**خەبات**) دراوەتە دادگا، (**ئیبراهیم ئەحمەد**) تەنیا سەرنووسەری رۆژنامەکە بووە، نەك خاوەن ئیمتیازی.

**ئازادی**

رۆژنامە

1959




رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسییە

ئۆرگانی ئاشکرای حزبی شیوعی عێراق/ لقی کوردستان

**خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرانی:** نافع یونس.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتەی سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

**دەستەی نووسەران:** محمەدی مەلاکەریم، محەمەدکەریم فەتحوللا، ئەحمەد غەفور، عەزیز محەمەد، حوسێن عارف، عزەدین مستەفا رەسوڵ.

**نرخ:** 16،20فلس.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (30×43) سم ،(4 ×10) لاپەرەیە.

**چاپخانە:** (الشمال/ کەرکوك، الرابطة/بەغدا، الوفاء/ بەغدا).

**جێگا:** کەرکووك-ژ(1-13)، بەغدا-ژ(14-156).

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ژمارەکان:** ساڵی یەکەم100 ژمارە و ساڵی دووەم 56 ژمارە لێ دەرچووە.

- ژمارە(1)ی لە هەینی رێکەوتی 1ی ئایاری1959دا دەرچووە.

- ژمارە56ی ساڵی دووەم لە 28ی تشرینی دووەمی 1960دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

(**جەبارجەباری**) لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی دا لەبارەیەوە نووسیویە:

(**هەتا ناوەراستی 1961نزیکەی 200 ژمارەی خستەروو**).

(**جەمال خەزنەدار**)یش نووسیویە:-

(**دوا ژمارەی لە ساڵی دووەمی ژمارە 56 بووە**).

(**عەلائەدین سجادی**)ش پێیوایە: (**دواژمارەی لە 28ی تشرینی دووەمی 1960دا بووە، تێکرا 156 ژمارەی لێ دەرچووە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا**).

هەرچی (**د. کەمال مەزهەر**)ە دەڵێت :

(**ئۆرگای-پارتی کۆمۆنیستی عێراق- بوو، تا داخستنی - کۆتایی تشرینی دووەمی 1960- 156 ژمارەی لێ دەرچوو، رۆژنامەیەکی دەوڵەمەندە، (44×29)سم**).

(**حەمەساڵح فەرهادی**)یش نووسیویە:

"**دوا ژمارەی کە ژمارە (56)ی ساڵی دووەمی بووە، لە 28/ی تشرینی دووەمی ساڵی 1960 دەرچووە.**

**مێژووی داخستنی لە 6ی ئابی 1961داخراوە**".

*کاتی خۆی ئەم رۆژنامەیە هەموو ژمارەکانی لە کتێبخانەکەی محەمەدی مەلاکەریم هەڵگیرابوون، بەڵام دواتر بە مەبەستی پاراستنی خستبوویە کتێبخانەی (الوطنیة)لە بەغدا، دیارە دواتر رژێم رۆژنامەکەی لەوێ لابردووە.

فۆتۆی (100) ژمارەی بەرایی لە کتێبخانەی عەبدوڵلا زەنگەنەدا هەیە.

**کوردستان**

**ڕۆژنامە**

**1959**

**سیاسیی، زانیاری، ویژەیی، کۆمەلایەتیی**



**ڕۆژنامەیەکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چلێکی لێ دەرئەچێ .**

**خــــاوەنی ئیمتیـــازو مـــدیری لێپرســــراو: عەبدولحەمید بەدیع ئەلزەمانی.**

**سەرنووسەر: محەمەد سدیق مفتی زادە.**

**دەستەی نووسەران:**

**د.عەبـدولرەحمان، ئەحمــەد مفتــی زادە، عابـد ســەراجەدین، شــوکرولڵای بابــان، خەســرۆ شیکانلووی میلانی.**

**پێوانە:** (30×42) **سم و** (8، 12، 16 ) **لاپەڕەیە.**

**چاپخانە: اختر شمال.**

**جێگا: تاران.**

**زمـان: کـوردی (کرمـانجی باشـوور ، کرمـانجی باکوور، هەورامی، سنەیی، کرمانشانی).**

**ڕێنووس: عەرەبی.**

**ژمارەکان: پتر لە** 200 **ژمارەی لێ دەرچووە.**

**– ژمارە** 1**ی ساڵی** 1**ی لە** 6**ی مەی** 1959**(**15**ی گولانی** 2571**ك)دا دەرچووە.**

**– ژمارە** 51**ی ساڵی** 1، **لە** 27 **نیسانی** 1960**دا بلاوکراوەتەوە.**

**– ژمـارە** 1**(**52**)ی سـاڵی**2، **لـە** 4**ی مـەی** 1960 **(**14**ی گولانی** 2572**)دا بلاوکراوەتەوە.**

**– ژمـارە** 103**ی (**52**)ی ساڵی**2، **لە** 3**ی ئـایـاری** 1961**دا بلاوکراوەتەوە.**

**– ژمــارە** 1**ی ســاڵی** 10،3**ی مــەی** 1961**(**20 **گولانی** 2573**ك)دا بلاوکراوەتەوە.**

**– ژمارە** 154**ی ساڵی** 3، **لـە**2**ی ئـایـاری** 1962 **دا بلاوکراوەتەوە.**

**– ژمــارە(** 1**)، ســاڵی** 4**ی ،** 9**ی مــەی** 1962 **(**19**ی گولانی** 2574**ك) دا بلاوکراوەتەوە.**

**– ژمارە(**209**) ،** 29 **ی ئایاری** 1963.

**تێبینـی: سـەرجەم ژمارەکـانی لـە کتێبخانـەی تایبـەتی حەمـەی حەمـە بـاقی، فـەرهاد عـەونی، دکتۆر کەمال فوئاد پارێزراوە.**

**ڕاستی.. الحقیقة**

**ڕۆژنامە**

1959



الحقيقة

**ڕۆژنامەکا سیاسییە**

**جریدة یومیة سیاسیة**

**خــاوەنی ئیمتیــازو سەرنووســەر:** جــەرجیس فەتحوڵڵای مەحامی.

**بەڕێوەبەری نووسین:** عەبدولئەحەد ئیبراهیم.

**سەرپەرشتیاری بەشی کوردی:** ئەنوەر مائی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** لە ژ(1-11) نیو هەفتەیی ، لە ژ (12-24)هەفتانە.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** 12 فلس.

**پێوانە:** (42ر5 × 55)سم، (30×44)سم و4، 6، 8 لاپەڕە بووە.

**چاپخانە:** عصری/ موسڵ.

**جێگا:** موسڵ.

**زمــان:** عــەرەبی، کــوردی (کرمــانجی بــاکوور، باشوور).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا 24 ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە 1، 7ی ئایاری 1959.

- ژمارە 24، 3ی نیسانی 1960.

**تێبینی:**

* لــە بــارەی ئــەم ڕۆژنامەیــە ، لێکۆڵینەوەیــەکی تێروتەسەل، بە ناوونیشانی **جریدة الحقیقة... راســتي أول جریــدة عربیــة کردیــة في مدینــة الموصــــل- دراســـة وتوثیـــق،** لەلایـــەن د. عەبدولفـــەتاح بۆتـــانی نووســـراوەو وەکـــو بڵاوکراوەکـــانی گۆڤـــاری (مـــەتین) لـــە ســـاڵی 1998دا لە دهۆك بڵاوکراوەتەوە.

* هەموو ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە (دار الکتب والوثائق العراقیة) لە بەغدا پارێزراوە.

**گاور باغی**

**ڕۆژنامە**

1959

(35) ژمارەی لێ دەرچووە, عوسمان خۆشناو سەرپەرشـــتی کـــردووە, هـــەمان ڕۆژنامـــەی (کـەرکووك) بـووە, لـە بـارودۆخی دوای (14)ی تەمووز ئەم ناوەی وەرگرتووە, ڕۆژنامەی ڕاستی هەواڵی دەرچوونی ژمارە (1) ڕاگەیاندووە.

**ئاشتی**

**1959**



**خاوەنی:** نەقابەی مامۆستایان– لقی سلێمانی.

**پێوانە:** فولسکاب.

**زمان:** کوردی (کرمانجی باشوور).

**ڕێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

– ژمارە 1، تەمووزی 1959.

**تێبینی:**

ئۆرژنالی ئەم بلاوکراوەیە لە کتێبخانەی رەفیق سالح پارێزراوە. لەسەر رووی بەرگی یەکەمی نووسراوە:

(نووسینی دەستەیەك لە نووسەرانی نەقابەی مامۆستایان. وێنەکان، بەپەنجەی رەنگینی مامۆستا ئەنوەر تۆفی نەخشەکێشراوە).

**سەرچنار**

**بلاوکراوە**

1959

